# دنیای منداڵان

۹

پاشکۆی کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ۳۶۱، ۲۹ی ڕەشەمەی ۱۳۸۱ (۲۰ی مارسی ۲۰۰۳)


## نەورۆزتان پیرۆز



**جگەرگۆشەکانی کوردستان ئەم کاتەتان باش.**

وا سەری ساڵی تازەیە و مامە نەورۆز جارێکی دیکەش هاتۆتەوە لامان. ئەرێ منداڵینە ئێوە دەزانن کە نەورۆز ڕۆژی ژیانەوەی سروشتە؟ هاتنی نەورۆز دەبێتە هۆی ئەوە کە دەشت و کەژ و چیا بە سەوزایی بخەملێ و ئێمەش بۆ داوێنی سروشت بچین؟ بەهار جوانترین و سەوزترین وەرزی ساڵە؟یان دەنا بۆ چی ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵیان ناو ناوە نەورۆز؟ جا با پێتان بڵێم کە نەورۆز ڕەمزی پێناسەی نەتەوەیی و فەرهەنگیی ئێمەی کوردە. نەورۆز لە ناو دڵی ئێمە کوردەکان کە کۆنترین و ڕەسەنترین نەتەوەی ئێرانین، ریشەی قوڵی داکوتاوە. نەورۆز ئەو ڕۆژەیە کە "کاوە" بابە گەورەی کوردەکان، زوحاکی خوێنمژی لە سەر تەختی خونکاری هێنایە خوارێ و کوشتی. هەر بۆیە ئێمەی کورد ڕێزی تایبەت لە نەورۆز دەگرین و بە ڕۆژی ژیانەوەی خۆمانی دەزانین. ئێمە هەموو ساڵێک بە پێشوازی نەورۆزەوە دەچین. لە ڕۆژی چوار شەممە سووریی‌دا کە دوایین چوار شەممەی ساڵە، ئاور دەکەینەوە، لەدەوری هەڵدەپەڕین و بازی بە سەردا دەدەین. هێلکە سوور دەکەین و دەیڕازێنینەوە تا بە دیاری پێشکێشی خۆشەویستەکانمانی بکەین. لە نەورۆز دا دەچینە هەلاوە مەلاوە و سەرری دۆست و خزمان دەدەین. ئاگری شەوی نەورۆز ڕەمزی مانەوەی نەتەوەکەمانە هەر بۆیە هەموو ساڵێک لەو شەوەدا لە بەرزاییەکانی کوردستان هەڵی دەگیرسێنین و قەتی لە بیر ناکەین.

**هیواکانی دوا ڕۆژی کوردستان!**

وادیسانەکەش دووپاتی دەکەینەوە کە دەبێ نەورۆز و بۆنەکانی بۆ هەمیشە بپارێزین و لەو ڕۆژە مێژووییە بە جوانترین شێوە ڕێز بگرین. نەورۆزتان پیرۆز، خۆشەویستەکانم.

## بەشداریی چالاکانەی منداڵان لە بەرنامەکانی نەورۆز تی وی دا



بەشی فیلمی سەر بە کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزب لە ئامادەکردنی بەرنامەکانی نەورۆز تی‌وی بۆ سەری ساڵی تازەدا، ماوەیەکی تایبەتی بۆ بەرنامەی منداڵان تەرخان کردوە. منداڵانی زۆربەی کەمپەکانی حیزبیش بە پێشوازیی ئەو بەرنامەیەوە چوونو لە ئامادەکردنی ئەو بەشە لە بەرنامەکاندا بەشداریی چالاکانەیان نواندوە.

گێڕانەوەی چیرۆک لە زمان "وید وید"ەوە، خوێندنەوەی شێعرو گۆرانی‌و گێڕانەوەی نوکتەو مەتەڵ، بەڕێوەبردنی پێشبڕکێی جۆراوجۆرو یاریی بە کۆمەڵ لەلایەن منداڵانەوە بەشێک لەو چالاکی‌یانەن.

"دنیای منداڵان" وێڕای دەسخۆشانەو ماندوونەبوونی لەو منداڵە ئازیزانە داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکاو هەروەها بە سەر بردنی کاتێکی خۆش لە کاتی بڵاو بوونەوەی ئەو بەرنامانە بۆ هەموومنداڵان دەخوازێ.

## ئاوایی نگل



ئاوایی نگل لە ٦٠ کیلۆمەتری جادەی سنە ـ مەریوان هەڵکەوتوە. ناوبانگی ئەم گوندە بە هۆی بوونی قورعانێکە بە خەتی کووفی کە لە گاوسندوقی مزگەوتی گوندەکەدا دەپارێزرێ.

مێژووی نووسینی ئەو قورعانە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ لەوەپێش. درێژایی لاپەڕەکانی ئەم قورعانە ٤٠ سانتیمترو پانتایەکەی ۳۵ سانتیمترەو لە هەر لاپەڕەیەکی‌دا ١٤ دێڕ نووسراوە. ئەو بەرهەمە پیرۆزو سەرسووڕهێنەرە ئایینی‌و هونەرییە گوندی نگڵ‌و مزگەوتەکەی کردۆتە مۆزەخانەیەکی بەناوبانگ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکگرتوویی ماسییەکان



لە نزیک کەناری دەریایەکی قوووڵو بێ بندا، ملیۆنەها سوورەماسی دەژیان. لە نیوانیاندا تەنیا ماسییەك هەبوو کە ناوی کازیوە بوو، ڕەنگی لە ڕەنگی وان نەدەچوو، ڕەش بوو. ڕۆژێ سوورە ماسیان، دەستە دەستە سەرقاڵی کایە کردن بوون. لە پڕ ماسییەکی زەلامیان لێ پەیدا بوو، پەلاماری‌دان، لە چاو تروکاندنێکدا هەموویانی لووش‌دا، تەنها کازیوە پێوە نەبوو. کازیوەش زەندەقی چوو، تا توانی ڕای‌کردو دوور کەوتەوە. بە دڵی پڕ لە خەم لە نێو دەریادا گێژو وێژو غەوارە، بە دوور لە دەرو دراوسێو هاوڕێیانی، خۆی دیتەوە. نەی‌دەزانی لە کوێدایە، بۆ کوێ دەچێ، ڕوو بکاتە چ لایەك! دوای پێنج ڕۆژ ڕۆیشتنی بێ‌وچان، لە نێو دەریای بێ‌کۆتاییو پڕ مەترسیدا وەختێکی زانی لە نێوان تیمساحی هەمەڕەنگ، شێری دەریا، ماسی فسفۆریو پرشنگدارو جۆرەها گیانلەبەری دەریاییتردا خۆی وەبینییەوە. سوورە ماسیانی هاوڕەگەزو هاوشێوەی خۆشی لێبوون. لە خۆشیان هەر ئەوەندە مابوو باڵی لێ بڕوێو هەڵفڕێ. ئەوانیش وەك یەکی لە خۆیان زۆر بە دڵفراوانییەوە پێشوازیی گەرمیان لێ‌کردو بە دەوریدا هاتن، بە پێدانی خواردنو خواردنەوە دڵیان دایەوەو خزمەتیان کرد. کازیوە وتی:

— بۆ ئەچینە شاری یاریو باخچەی گوڵو گیا؟

سوورە ماسییەکان وەڵامیان دایەوە:

ــ بە داخەوە ناتوانین، ترسی ماسییە زەبەلاحەکانمان هەیە، هانبینن دەمانخۆن.

کازیوە کەمێ ڕاماو خەیاڵ بردیەوە: ئەو ڕۆژەی هاتەوە بەرچاو کە زۆر دڕندانە هاوڕەگەزەکانی پەلامار دراو لە چاو تروکاندنێکدا تێ‌دا چوون . . . !

کازیوە گوتی:

ئەی باشە چی بکەین لێرە؟ ناکرێ هەروا بێنینەوە، با هەرچی زووە خۆمان دەرباز بکەین.

وەڵامیان داوە ئێمەش حەز دەکەین، بەڵام چۆن چۆنی؟ شتێ، ئامرازێ شك نابەین بە هانامانەوە بێتو دەربازمان بکات، هەر بجووڵێین ماسییە زەبەلاحەکانمان لێ‌پەیدا دەبێ!

لە درێژەی بێنەو بەرەو ڕاوێژکردندا، کازیوە بیرێکی بە مێشکدا هات، گوتی:

ئەزانن چی دەکەین؟ با خۆمان لە چەند ریزی ڕێکو پێکو توکمەدا ڕێك‌بخەین، پێکەوە لە کاتی دیاری‌کراودا، خۆمان بە وێنەی مشتێکی نوقاو بجووڵێنین. ئەگەر وابکەین ماسییە زەبەلاحەکان تەك پەلامارمان نادەن، بەڵکوو لێشمان دەسڵەمێنەوە، وا دەزانن جەستەیەکین.

سوورە ماسیان تەگبیرەکەی کازیوەیان بە زۆربەی دەنگ پەسند کرد. بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتوو، زۆر بە ڕێکوپێکی ئەوەی لە سەری ڕێك کەوتبوون جێ‌بەجێیان کرد. مشتی نوقاو بە نێو دەریای بێ‌بنو گەورەدا کەوتە جووڵە. . . ماسییە زەبەلاحەکانیش زەقەی چاویان دەهات. تەنانەت دەش ترسان.

***

## گەورەیی کیژۆڵەیەکی بچکۆلە

مندالە خۆشەویستەکان!

ئەو داخڵەیەی کە دەیبینن، داخڵەی کچۆلەیەکی ئەشیلانە بە ناوی "جوان"ە کە خەڵکی شاری مەهابادەو ١٠ ساڵی تەمەنە. جوان کاتێ خۆی لە ڕێگەی ڕادیووە گوێی لە بانگەوازی یارمەتی کردن بە حیزب بووە، ئەو وەکوو هەر کوردێکی دڵسۆز هەستی نیشتمانپەروەری هانی داوە کە ئەو داخڵەیە بۆ حیزبە خۆشەویستەکەی دابنێو ئێستاش داخڵەکەی بە پڕی بۆ حیزب ناردوە کە ٤٩٦٠ تمەنی تێدا بوە.



پەپوولە بێگەردەکان ڕەنگە ئەو پارەیە، پارەیەکی زۆر نەبێ، بەڵام بایەخێکی یەکجار گەورەی مەعنەوی تێدایە، هەر بۆیە جێگەی خۆیەتی ئێمەش لە لایەن خۆمانەوە ڕێز بگرین لەو کارە پیرۆزەی خاتوو جوانو هیوای سەرکەوتنی بۆ بخوازین.

هەر بژی جوانە گیان

## چاو



ماوەیەك بوو چاوی نەسرین ژانی دەکرد، هەر بۆیە باوکی بردی بۆ لای دوکتورێکی چاو. دوکتور چاوی نەسرینی موعایەنە کردو دواجار دەرمانی بۆ نووسی. باوکی نەسرین لە دوکتوری پرسی: چی بکەین تاکوو چاوەکانمان تووشی ئازارو ژانو نەخۆشی نەبێت.

دوکتوری چاو بە ڕووخۆشیەوە وەڵامی داوە: دەبێت هەمیشە چاوەکانمان بە پاكو خاوێنی ڕاگرین. نابێ دەستی چڵکنو پیس لە چاومان بدەینو هەروەها قەت بەبێ پرسی دوکتور لە دەرمانو قەترەی چاو کەڵك وەرنەگرین. نەسرین بە جوانی گوێی دابوە قسەکانی دوکتور، تاکوو بۆخۆی بە کاری بێنێو بۆ هاوپۆلەکانیشی بگێڕێتەوە.

ئارا کەریم

**ئەو نەققاشیو بابەتانەی هی خودی منداڵان نەبن، لەمەودوا بڵاو نابنەوە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین

## چەند بران؟

ڕۆژێك كابرایەك دەچێ بۆ سەرتاشخانەیەك تا سەری چا كا. كابرای سەلمانی لە كاتی سەر چاك كردن و ڕیش تاشینی كابرا سەروگوێلاكی هەموو خوێناوی دەكاو بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە لە بیری كابرا بەرێتەوە، لێی دەپرسێ ئەرێ براله ئێوه چەند بران؟ كابراش دەڵێ وەڵلا ئەگەر من بە ساغو سلامەتی لە ژێر دەستی تۆ ڕزگارم بێ ئەوە سێ براین، دەنا هەر ئەو دووانە دەمێننەوە.

❊ ❊ ❊

## گەورەترین پیاوی جیهان

مامۆستایەكی مەسیحی دێتە سەر كەلاسی وانەكەی و دەڵێ: هەر قوتابییەك بڵێ گەورەترین پیاوی جیهان كێیە، یەك دۆلاری خەڵات دەكەم.

قوتابیەكی ئیتالیایی گوتی: گەورەترین پیاوی جیهان (داوینچی)یە. مامۆستا گوتی: نا داوینچی گەورەترین نیگاركێشی جیهانە.

قوتابیەكی یونانی گوتی: گەورەترین پیاوی جیهان (ئەرەستوو)ە. مامۆستا گوتی نا، ئەرەستوو گەورەترین فیلسووفی جیهانە.

قوتابی‌یەكی جوولەكە گوتی: مامۆستا گەورەترین پیاوی جیهان (عیسای مەسیح)ە. مامۆستا بە سەر سووڕماوی وتی: بۆی ڕاست وایەو ئینجا دۆلارەكەی پێدا.

كاتێك زەنگی پشوو لێدراو هەموو قوتابی‌یەكان چوونە دەرەوە، مامۆستا قوتابی‌یە جوولەكەكەی بانگ كردو لێی پرسی: ئەرێ بەڕاستی ئەو وەڵامەی داتەوە لە دڵتەوە بوو كە گوتت گەورەترین پیاوی جیهان (عیسا)یە؟

قوتابی‌یەكە گوتی: نەخێر مامۆستا بۆ وەرگرتنی دۆلارەكە وام گوت. دەنا گەورەترین پیاوی جیهان (موسا)یە!!

دیاریی: ئاریاكۆ ڕەحیمی

## ڕەنگی بكە



## نامەو بابەتی ئەو ئازیزانەمان بە دست گەیشتوون

ڕێژوان شەفیعی، هێرۆ ئەرەسزادە، عارف عەزیزی، شەونم قادری، جوانە جەواد، سەیوان عیززەتی، شاژوان ڕەزگەیی، زاتیار پاكدار

هەروەها نەققاشی ئەو خۆشەویستانە لە بەر ئەوەی لە سەر كاغەزی سپی نەكێشرابوونەوەو هەروەها ڕەنگ نەكرابوون بۆ بڵاو بوونەوە نابن، بەڵام چاوەڕێی بەرهەمی تازەی ئەوانین.

ڕێژین شەفیعی، ئاژان عەلی ڕەمایی، ئەژین بەهرامی، ئارا ئەبرووزەنی، سروش عەبدوڵلاپوور، ئەفسانە عەبدوڵلاپوور.

## مەتەڵ بۆ منداڵان

١ـ هێلكەی ماتێ، كەس نایگاتێ

٢ـ گۆشتی لە دەر، پێستی لە ناو، بەردی صەرصەر دەكا بە ئاو

٣ـ لە دەرێ سەری دەبڕی، لە ژوورێ دەمرێ

٤ـ هەتا بیكێشی كورت دەبێتەوە

دیاریی: كاك ئەحمەد قادری

### وەڵامی مەتەڵەكانی ژمارە ٨

١ ـ چای، ٢ـ بزن، ٣ ـ ژیشك، ٤ ـ سەر

هەروەها "شەهاب سادقپوور" لە ناوەندی ٣ ڕا وەڵامی مەتەڵەكانی ژمارەی ٨ی بە درووستی ناردۆتەوە.

## ڕێگای پەنیر بدۆزەوە



**ئازیزەكان! نەققاشی‌یەكەنتان لەسەر كاغەزی سپیی بێ‌خەت بكێشنەوەو بە ڕەنگ كراوی بۆمانی بنێرن**

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەققاشی یەکانتان لـە "دنیای منداڵان"دا


ئارا باڵەکی


ڕێباز ئەڵڵایاری


ئاریز محەممەد نژاد


دڵشاد سدقی


کامیار حوسێنی


زاگرۆس مینبەری


شاهین ئوستاد ئەحمەدی


هانا ناسری


رامین قادری


بلباس بلباسی


بەیان چووکەلی


ڕێباز ساڵحی


جیا مەناف


هێژا حوسێنی


ئاکام ئیزدپەنا


بەیان پیرانی





میدیا ناسری


کوردستان خوسرەوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی

# بەشداریی منداڵان
# له پێشبڕکێی رۆژنامە دیواریدا

له پێنجەمین پێشبڕکێی رۆژنامە دیواری کە له کۆتایی مانگی رێبەنداندا، له لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە بەرێوە چوو، منداڵانیش بە ئامادە کردنی دوو رۆژنامەی دیواری "نێرگز" و "نەورۆز" بەشدارییان کردبوو. پەیامنێری "دنیای منداڵان" لەگەڵ دوو کیژۆڵەی رووح سووک (ئاسکە عوسمانی و گیابەند نستانی) ئامادەکارانی "گەزیزە" و هەروەها دانا عوسمانی یەکێك له ئامادەکارانی "نەورۆز" دیمانەیەکی کورتی پێك هێناوە:

**دنیای منداڵان: رۆژنامە دیواریی "نێرگز" دروشمی "کوا مافی منداڵانی کورد"ی له خۆی گرتبوو. چۆن بوو کە بەو دروشمەوە لەو پێشبڕکێیەدا بەشداریتان کرد؟**



ئاسکە عوسمانی گیابەند نستانی

ئاسکە عوسمانی: بۆیە ئەو دروشمەمان هەڵبژارد تا ئێمەش بە شێوەیەك باس لە خۆمان بکەین، من پارەکە چوو بوومە نەغەدە بۆ ماڵی ئەنکم. منداڵانی کورد لە ئێران دەگەڵ زۆر کەموکوری بەرەوروون. بۆ دەبێ منداڵەکان نەتوانن بەزمانی خۆیان بخوێنن؟ بۆ دەبێ هیچ بڵاوکراوەیەك بەزمانی کوری بۆ منداڵان نەبێ؟ تەنانەت لە لە بەر کردنی جلوبەرگیشدا ئازاد نەبن؟ زۆربەی منداڵانی کورد دوو ناویان هەیە، یانی ناهێڵن ناوی کوردییان لە سەر دابنێن. زۆرتر ئەوانە هاندەری ئێمە بوون.

**دنیای منداڵان: ئەوە یەکەم کاری ئێوە لەم بوارە دابوو؟**

گیابەند نستانی: نا پارەکەش بەهاوکاری ئاسکەو ئاوات پیرەوان رۆژنامەیەکمان بەناوی "شەبەنگ" ئامادە کرد. رۆژنامەیەکیشمان بەناوی "بەهاران" بەهاوکاری هاوپۆلەکانمان ئامادە کردوە.

**دنیای منداڵان: چ داوایەکت له گەورەکان هەیە بۆ پشتگیری کردن و یارمەتیدانی منداڵان بۆ ئەو چالاکیانە؟**

گیابەند نستانی: من پێش ئەوەی داوام هەبێ، رەخنەم هەیە، ئێمە هیچ ئیمکاناتێکی تەفریحی و پەروەردەییمان نیە، هاوینان دەورەیەکی وامان بۆ ناکرێتەوە، کەموکوڕیمان زۆرە، گلەییم لە زۆربەی دایکان و باوکانیش هەیە کە پێشگیری لە منداڵەکانیان دەکەن تا لە دەورەکانی کاتی پشووی هاوینیدا بەشداری بکەن. بۆ وێنە تا ئێستا تەنیا دوو دەورەی کامپیوتێرو خەت کراوەتەوە کە لەوێدا بەشداریی منداڵان زۆر کەم بوە. کلاسێکی مۆسیقایان کردەوە، بەڵام منداڵەکان بەو بیانوویەی دەنگیان خۆش نیە، لەو دەورەیەش بێبەش کران. من پرسیار دەکەم بۆچی بایەخمان پێ نادرێ؟

**دنیای منداڵان: دانا گیان تۆ مەبەستت له ئامادەکردنی ئەو رۆژنامە دیوارییە چ بوو؟**



دانا عوسمانی

مەبەستی من و شێرکۆ سادقپوور بوو. ئێمەش هەم لەو پێشبڕکێیەدا بەشدار بین و هەم قسەی خۆشمان لەم رێگایەوە بە گوێی گەورەکان بگەیەنین. ئێمە کەمو کوریمان زۆرە، مافەکانمان پێشێل دەکرێن. منداڵی کورد لە کوردستانی ئێران بەو تەمەنە کەمەوە دەبێ بچێ کار بکا، لە کورەخانە، لە باغو مەزراو چووزاخ یان دەنا فەرش بکا. ئەوە زوڵمێکی گەورەیە. منداڵ نابێ کار بکاو بچەوسێنەوە. دایکو بابانیش هەست بە بەرپرسایەتی ناکەن و منداڵەکانیان بۆ پەیدا کردنی پوول وشوێن هەموو کارێك دەخەن، کاری قاچاغو زۆر کاری دیکە کە لە توانای منداڵدا نیەو زیانی پێدەگەیەنێ. باوکان ناتوانن هەر بەوەی کە بڵێن مەجبوورن، خۆیان بپەرێننەوە. ئەی ئاواتی منداڵانی کورد چیە؟...

***

## کیسەڵ و بەور

زاوچییەك لە ناو دارستاندا بەورێکی راو دەنا. بەورەکە بە ترسەوە بەملاو ئەولادا رای دەکرد. ئەو لە شوێنێك دەگەڕا تا لە دەست راوچییەکە رزگاری بێ. بەور ماندوو مردوو گەیشتە قەراخ چۆمێك. ویستی لە چۆمەکە بپەرێتەوەو خۆی بگەیەنێتە ئەوبەر. بەڵام نەیتوانی. لەوە دەترسا کە لە ناوەراستی چۆمەکەدا بخنکێ. بەور هەر بیری لەوە دەکردەوە، کە لەپڕ چاوی بە کیسەڵێك کەوت. بەور بە تکاو رەجاوە بە کیسەڵی گوت: "تکات لێدەکەم من سواری پشتت بکەو بمگەیەنە ئەو بەری چۆمەکە! ئێستا راوچییەکە دەگاتێ و کولم دەکا".



چونکە کیسەڵەکە زۆر دلۆڤان بوو، داوای بەوری قەبووڵ کردو تا ئەو بەری چۆمەکە پەراندییەوە، بەور لەوبەری چۆمەکە چاوێکی لە کیسەڵ کردو گوتی: "هاورێی ئازیز! من زۆرم برسییە. پێم وانیە لەو نزیکانە نێچیرێکی باشم دەست بکەوێ. کەواتە ناچارم دەبێ تۆ بخۆم!"

کیسەڵ هەر کە ئەو قسەیەی گوێ لێبوو، خۆی خستە ناو قاپیلکە سەختو رەقەکەی خۆی. بەور هەرچی هەوڵیدا، نەیتوانی زەفەری پێبەری. تا کات تێپەڕ دەبوو هەر دەهاتو بەور زیاتر برسی دەبوو، ئاخرییەکەی بەور تکاو پاڕانەوەی خۆی دەست پێکردەوەو گوتی: "کەواتە تکات لێدەکەم من بەرەوە بۆ ئەوبەری چۆمەکە".

کیسەڵ قەبوولی کردو دووبارە بەوری لە سەر پشتی خۆی سوار کرد، بەڵام هەرکە گەیشتنە نێوەڕاستی چۆمەکە لەپڕ کیسەڵ بەوری خستە نێو ئاوەکە.

بەور وەپەلەقاژە کەوتو تکای کرد کە کیسەڵ رزگاری بکات، بەڵام کیسەڵ گوێی پێنەداو رێگای خۆی گرتە بەرو هێدی هێدی مەلەی کردو چووە ئەو بەری چۆمەکە.

ئازیزەکان هەربۆیە دەبێ هەموو کات وەڵامی کاری چاك هەر بە چاکە بدرێتەوە.

***

**گوڵە جوانەکان! لە نووسین و نەققاشی کردن سڵ مەکەن، بنووسن و بکێشنەوەو بۆمان بنێرن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مناڵەکان

مناڵەکان
لەگەڵ یەکتر ئاواڵەکان!
گورگە شەوێ هەتا لاو بوو
بە درێژایی عومری
شەوگار
بێبەزەیی
خەریکی کەوکەوە ڕاو بوو!
فێری ئاوی بێ لەغاو بوو
هێندەی ساتێ حەوت
کوێستانی
ئەپشکنیی و بە تەقڵەوە و
شوانە وێڵەی بە سەر پێوە
ئەکردە خەو
دووگی ئەدڕی
ملی ئەشکان بە خێرایی
کەچی دوایی؛ چیرۆکی
گورگی ئاخر شەو
بەمجۆرە هاتە کۆتایی . . .
کاتی پیری
ببوە گاڵتەی
سەگەلی خوێری ئاوایی

بۆران

## کۆتری سپی

کۆترەکەم سپی ڕەنگە
پڕ لە ئاواز و دەنگە
پڕ لە جوانی و لە ڕەنگە
وەك منداڵان قەشەنگە
جوانیەکەی هەست بزوێنە
چاوی ڕەش خەم ڕەوێنە
کۆترەکەم باڵ نەخشینە
لە لای دڵم شیرینە
یاریم لەگەڵدا ئەکات
خۆشەویستیم فێر دەکات
منیش ئازاری نادەم
قەت لەم خوە لانادەم

حەسەن مینە

## ساڵی تازە

ساڵی تازەیە نەورۆزە
ڕۆژێکی زۆر پیرۆزە
دەشت و چیا ڕازاوە
بە گوڵی جوان ئەخشاوە
کانی دەمی پاراوە
سەرماو سۆڵیش بڕاوە
بولبول هاتەوە سەر چڵ
ئەخوێنێ بە جوانی گوڵ
کەوو قومری لە نزار
ئەفڕن لەم دار بۆ ئەو دار
جەژنە جەژنی نەورۆزە
لە گشت کوردان پیرۆزە
***

دیاریی: ژیوار حەسەنپوور

## مافی مناڵ

ئێمەی مناڵ مافی خۆمانە
ئاسوودە بژین لەم کوردستانە
مافی خۆمانە هەموو بخوێنین
ئەمامی هیوای دوارۆژ بڕوێنین
وڵاتمان ئارام ژینگەمان پاك بێ
جەستەمان پۆڵاو چست و چالاك بێ
بژین لەژینی پڕ خۆشەویستی
دوور لە ئازار و ئەشکەنجەو پەستی
با زەردەخەنەی جوانی لێوانمان
شادی بخاتە دڵی خێزانمان
شەڕو هەژاری و نەخوێندەواری
نەکرێتە کاڵای بەرمان بە دیاری
وەك مناڵی ئەم سەر دنیایە
ئاشتی و ئازادی ببێتە سایە

دایکی خەڵات

## قوتابی

من قوتابیم دەخوێنم
تۆوی هیوا دەچێنم
بە تریفەی هەر وشەیەك
شەوی ژین دەشڵەقێنم
کاتێ دەچمە مەدرەسە
هاواڵانم دەبینم

پێکەوە کایە دەکەین
فێر دەبم دەرسی ژینم
گوێ بۆ مامۆستا دەگرم
دۆست و یاری شیرینم
بە دوای پەپوولەی زانست
دەگەڕێم تا بێنم

بوە بزەی جوانی وشە
مەزرای ژین دەڕەنگینم
ژینێکی پڕ لە شادی
بۆ گەلم بەدی دێنم

عومەر حیسامی

## پشیلە

ئەی پشیلەی ڕەنگینم زۆر حەز دەکەم بتبینم
ئەی پشیلە پشەی خۆم گیان دارەکەی دەستە مۆم
هانێ ئاو و ماست بخۆ لە لام بەو تێر مەڕۆ
لە ناو ماڵ دێیت و دەچی کەسێ ناڵێ ئەتۆچی
هەرگیز ئازارت نادەم هیچ ساتێ برسیت ناکەم
پێتدا ئادەم بەردو دار ئەی هێسك سووکی ئازدار
تۆ بەو شێوەی خاوێنی چەند جارێ دەمیاوێنی
منیش هەر بە گۆرانی دەت ئاخێوم بە جوانی

دیاریی: محمد داریاس

## وەرزش

گوڵ غونچەی کوردستانم
ڕۆڵەی خاکی کوردانم
وڵاتم دەپارێزم
هەروەکوو چاوەکانم
***
ڕۆڵەی کاوەی دلێرم
ئازاو گورج و بوێرم
بۆ پاراستنی وڵات
هەروەکوو بێچوە شێرم
***

ئەگەرچی قارەمانم
بەهێز و پاڵەوانم
ئاشتی و ئازادیخوازم
دۆستی هەموو گەلانم
***
هەر کەسێ وەرزشکارە
ئازاو زیت و بە کارە
بۆ فێربوونی وانەکان
هەموو کاتێ وشیارە

عەبدولڕەحمان فەهیمی

**خۆشەویستان، وەڵامی یەکەم پێشبڕکێی "دنیای منداڵان"مان تا ڕۆژی ٢٠ی خاکەلێوە بۆ بنێرنەوە.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مشکی کتێب خوێن

یەکێ هەبوو، یەکێ نەبوو، لە ڕۆژگاری ڕابردوودا.

لە کتێبخانەیەکی کۆن، لەنێو کتێبێکدا مشکێك دەژیا. ئەم مشکە هەر ڕۆژەی کتێبێکی هەڵدەبژاردو دەستی دەکرد بە جوین‌و خواردنی لاپەڕەکانی. ساڵانێکی زۆر تێپەڕی‌و



مشکی چیرۆکی ئێمە هەروا درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا تا ڕۆژێك کە وەك هەمیشە خەریکی خواردن‌و جوینی کتێب بوو، چاوی بە کتێبێك کەوت‌و زۆری خۆشی لێ‌هات. هەڵی گرت‌و لە گۆشەیەکدا دانیشت‌و لە جیاتی خواردن‌و جوینی دەستی کرد بە خوێندنەوەی هەتا تەواوی کرد سەری لەسەر هەڵنەگرت.

لەنێو کتێبکەدا بابەتی جۆراوجۆر هەبوون کە لە هەموویان زیاتر حەزی لەو چیرۆکە کرد کە ناونیشانەکەی ئەوە بوو: "شێرێك کە بە هۆی مشکێك ڕزگاری بوو". لە چیرۆکەکەدا هاتبوو:

"شێرێك دەکەوێتە داوی ڕاوچی‌یەك‌و هەرچی هەوڵ دەدا ناتوانێ خۆی ڕزگار کا. ئیتر لە هەموو شتێك‌و لە هەموو کەس هیوابڕاو دەبێ‌و چاوەڕوانی ڕاوچیی دڵ ڕەق دەکا کە بگاتە سەری‌و گیانی بکێشێ. لەم کاتەدا مشکێ دەگاتە جێ‌و لە حاڵ‌و ئەحواڵی شێرەکە دەپرسێ‌و شێریش بە گریانەوە حاڵی خۆی بۆ بەیان دەکاو مشکیش بەبێ بە فیڕۆ دانی کات دەست دەکا بە جوین‌و پساندنی تەناقی داوەکەو لە یەك چاوتوقاندندا شێرەکە ڕزگار دەکا. کاتێ شێریش خۆی بە ڕزگار کراوی ئەبینێ بڕیار دەدا کە تا لە ژیاندا ماوە سپاسی مشکەکە بکاو پارێزگاریی لێ‌بکا.

کاتێ چیرۆکەکە تەواو دەبێ مشکەکە تەواو ئەچێ بە ناخی چیرۆکەکەداو لەوەی ئەویش مشکە زۆری شانازی بە خۆیەوە کردو ئەو چیرۆکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بیری مشکەکەدا دامێنێ تاکوو ڕۆژێك بە لای قەفەسی کتێبخانەکەدا تێ‌دەپەڕێ‌و چاوی بە شتێکی سەیر دەکەوێ. لە گۆشەیەکی کتێبخانە گەورەکەدا پشیلەیەکی قەڵەو کەوتبووە داوەوەو هیوایەکی بە ڕزگار بوون نەمابوو. هەر کە مشکەکە پشیلەکەی بینی ناسی‌یەوە. ئەوە ئەو پشیلەیە بوو کە خاوەن کتێبخانەکە بەخێوی دەکرد تا نەسڵی مشکەکان بسڕێتەوە. سەرەتا مشکەکە کە ئەوەی بە بیردا هات کە ئەم پشیلەیە دانراوە بۆ نەهێشتنی مشکەکان‌و وا باشترە وازی لێ‌بێنێ تا بمرێ. بەڵام دواتر کەوتە بیری چیرۆکی "شێرو مشکەکە"، ئیتر بڕیاریدا کە ڕزگاری بکا. مشکەکە بەبێ بەفیڕۆدانی کات دەستی کرد بە جوینی داوەکە. لەوکاتەدا کە مشکەکە خەریکی ڕزگارکردنی پشیلە بوو، پشیلەکەش قەدو قیافەی قەڵەوی مشکەکە چاو لێ‌دەکردو ئاوی زاری قووت دەدا. بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: ئای لەو نێچیرە قەڵەو چەورە، ئەگەر ڕزگارم بێ. . . هەر کە پشیلەکە بە یارمەتی مشکەکە لە داوەکە ڕزگاری بوو، یەکسەر مشکەکەی گرت‌و قووتی‌دا. لەو ڕۆژەوە مشکەکان فێر بوون کە لە گۆترە فریوی چیرۆك‌و حیکایەتە ئەفسانەیی‌یەکان نەخۆن.



وەرگێڕانی: ژاڵە قادری - پۆلی پێنجەمی سەرەتایی

سەرچاوە: کتێبی نیمرخ - موش کتاب خوان

# هێلانەیەکی‌تر

ڕۆژێکیان لە بەرەبەری پاییزدا دارکونکەرەیەك بیری لە بەفرو بەستەڵەکی زستان دەکردەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: زۆری پێ‌ناچێ پاییز تەواو دەبێ‌و زستان بە خۆی‌و سەرماو سۆڵ‌و بەفرو بارانەوە بەردەرکەمان پێ‌دەگرێ. ئەگەر هێلانەیەکی گەرموگوڕو توندو تۆڵ بۆخۆم دروست نەکەم، ئەوا لە سەرمادا ڕەق هەڵدێم‌و لە برسان دەمرم. ئەوەی گوت‌و لە شەقەی باڵی‌داو فڕییە سەر دار چواڵەیەك‌و



بە دەندووکی تەقەتەق دەستی کرد بە هەڵکۆڵینی قەدی دارەکە. بەڵام ئەو، شوێنی ئەو هێلانەیەی بڕێك پێ‌تزم بوو. دارکونکەرەکە بە خۆی گوت ئەگەر ساڵەکە سەخت‌و دژوار بێت ئەوا تووش گیرو گرفت دەبم.

بۆیە دەبێ لە شوێنێکی بەرزی ئەو دارەدا هێلانەیەکی‌تر ساز بکەم. پاشان چوە سەر دارەکەو لە بەرزایی‌یەوە دووبارە تەقە تەقی دەست پێ‌کردەوەو هێلانەیەکی جوانی‌تری دروست کرد. کاتێ تەواو بوو هاتە دەرو گوتی: ئەگەر ساڵەکە خۆش بوو، ئەوا لە هێلانەکەی خوارێ دەمێنمەوە، خۆ ئەگەر ناخۆشیش بوو، ئەوا لەم هێلانە بەرزەدا زستان بە سەر دەبەم.

پاییز ڕۆیشت‌و زستان هات. بەڵام چۆن زستانێك! بەفر دەرو دەشت‌و چیاکانی داپۆشی بوو، دارستان کەوتبوە ژێر بەفرەوە. لەو کاتەدا دار کونکەرەکە لە هێلانەکەی هاتە دەرەوەو سەیرێکی ئەو دیمەنە جوانەی کردو گوتی: بەس نەبوو لە کاتی خۆیدا فریای خۆم کەوتم‌و ئەم بەفرو بەستەڵەکەی ئێستام لە بەر چاو بوو.

کەواتە هەر کەسێك لە ژیاندا دوا ڕۆژی لە یاد بێت‌و دووربینیی هەبێ هەرگیزاو هەرگیز تووشی تەنگو چەڵەمە نایەت. . .

وەرگێڕان لە ئینگلیزی‌یەوە

قادری حاجی عەزیز

**گەورەکان دەتوانن بە بابەتی پەروەردەیی‌و فێرکاری، یارمەتیی "دنیای منداڵان" بدەن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژیواری ژیر

ژیوارو دلنیا ھاوالن و پێکەوە لە پۆلی پێنجەم دەرس دەخوێنن. باوکی ژیوار شۆفیری ماشێنیکی گەورەیە. ژیوار دلنیای زۆر خۆش دەوێ بەلام ماوەیەك بوو دەیدی کە دلنیا لە قوتابخانە خەونووچکە دەیباتەوەو دوایەش ھەموو کاتێك خەمگین و پەرۆشە. رۆژێکی ژیوار بە دلنیای گوت: دلنیا تۆ بۆچی کەم پێدەکەنی؟ بۆ لەسەر کلاس ھەر خەوت دێ؟ دلنیا گوتی: ژیوار قسەیەکت پێ دەڵێم بەلام بەکەس مەڵێ، بۆخۆت دەزانی باوکم نەماوەو ئەمن و دایکم پوولمان نیەو مەجبوورین تەون بکەین و زووزوو



فەرشەکە بچنین تا قەرزەکانمان بدەینەوە. جابۆیە ناچارم شەوانە درەنگ بخەوم و کار بکەم. ژیوار شەوێ ھاتەوە ماڵێ. بەلام لە ماڵێش ھەر بیری لە قسەکانی دلنیا دەکردەوە. پاشان چووە لای باوکی و گوتی: بابە، دلنیای ھاوالم باوکی نەماوەو ئەوان ھەژارن. ئەمن دەمھەوێ داخڵەکەم بشکێنم و پوڵەکەی بە دلنیا بدەم. باوکی ژیوار کە دەیزانی باوکی دلنیا شەھیدە، دڵی پڕ بوور دەستێکی بە سەری ژیوار داھێنا و گوتی: ژیوار گیان ئێمە قەرزداری تەواوی ئەو پێشمەرگانەین کە لە رێگای رزگاریی کوردستاندا شەھید بوون. ئەمنیش برێکت پوول دەدەمێ بیدە بە دلنیا. گەرچی دلنیا بەو پوولە بۆ ھەمیشە لە تەون کردن رزگاری نابێ، بەلام دەتوانین بارێکی چکۆلەی لە سەر سووك کەین و کەلێنێکی ژیانیان بۆ پڕکەینەوە. پاشان باوکی گوتی: ژیوارگیان ئەمن شانازی بەوە دەکەم کە کچێکی ژیری وەك وەك تۆم ھەیە. ژیوار باوکی زۆر خۆشدەوێ بەلام ئەو شەو زۆرتر لە جارانی خۆش دەویست. ئەو دەزانێ باوکی پوولی نیە دەنا نەیدەھێشت دلنیا تەون بکا.

خاڵی خانێ

## ئالبۆمی دنیای منداڵان



لاڤێن و ئەڤین محەممەدزادە — ئارام خوسرەوی — رێژان شەریعەتی — نیما عەبدوڵلاھی . پەیوەند پرکاڵ — سامان رەحیمی



سنوور حسێنزادە — سێڤەر — خانی سۆفی — سورکێو رەحیمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org